# مردووەوان

## توانا ئەمین

**پێشکەشە بە هێمن حەمەجزا .... پیاوێك لەو دیو تخوبەکانی شێتبوونیشمەوە جێمناهێڵێت!**

نازانم چیم بە سەر هاتووە ! خۆم ئەبینم لە بەینی دایکم وهاوڕێ شاعیرەکەما وا بە درێژایی شەقامێکی جەنجاڵ ڕێ دەکەین ، کەس سەیری ئەو بەرمیلە زبڵانە ناکات کە سەر ڕێژ بووەو لێی دەڕژێ ، کەس سەیری خۆشی ناکات کە بەتاڵ و پوچ دێن دەچن . ئەرێ ئەوە چیە ؟ ئەو خەڵکە بۆ وەکو کۆرسی ئۆکسترایەکی ڕۆژهەڵاتی بە یەکەوە زاریان داچڕیوەو سەیری من ئەکەن ؟ .

–هۆشت بە خۆت نیە حەیاتم ، سێ ڕۆژە زای ئیلاهی نەچوەتە دەمتەوە .

لە گێڕانەوەی دایکمەوە دەزانم ئاسایی نیم ، شتێکم بەسەر هاتووە ئەگەر نا ئەو خەڵکە بۆ چاویان لە ئاستمدا ناتروکێنن ؟ بۆ سەیری شتێ ، شوێنێ ، کەسێکی تر ناکەن ؟

–سەیری کەسان مەکە باوکە گیان ئەگەر کەسێك تەلەفۆنی کرد بڵێ من کوڕی جەباری حەرەسم و باوکم تا ئەو مزگەوتە چووە ، هائێستا ها تۆزێکی تر دێتەوە .

باوکم ڕۆیشت و من ئەو دۆسیە گەورانەم لە دۆلابە شڕۆڵەکەدا دەرهێنا کە ناوو وێنەی سەدان مردووی ئەو مردووخانەیەیی تیا تۆمار کرابوو ، ئەو شێتەی تایەی گەورەیی لۆری سەری پان کردبۆوە ، ئەو میراوەی لە چاڵێکدا ئاسنی تەنکەرێکی ئاو دەچەقێتە شانی و لە ناو ئاوا سێ ڕۆژ لەسەر یەك دەخنکێ و دەمرێ و دەخنکێ و دەمرێ ، وێنەی ئەو پیاوە کاملەی لە داخی کوڕەکانی شەوێك سەعات هەشت قڵیشێك دەکەوێتە ناو چەوانی و دەتەقێ و دەمرێ ، وێنەی ئەو شۆفێری تەکسییەی دوای کوشتنی کچە سیانزە ساڵانەکەی لەسەر نامەیەکی دڵداری ووشە سادەکانی ناو نامەکە وەکو نەخشی سەر بەردێکی دێرین دەچنە دەم و چاوییەوە بە جۆرێك مرۆ لە سەیرکردنیدا دەبینێت ووشەکانی (چاوەکەم) چوونەتە جێگای هەردوو چاوی و (ماچت دەکەم) کە لە کۆتایی هەموو نامەیەکی ئاوا سادەیی لاکۆڵانیدا دەنوسرا ڕێك دەچێتە سەر لێوی باوکەکە و ئەویش دووبارە لە پێناوی گێڕانەوەی حەیادا خۆی دەکوژێت ... وێنەکان لە ژمارە نەدەهاتن هەموویان خاوەن چیرۆك و فیلمی خۆیان بوون ، کۆیان دەکەمەوەو لە دۆسیە زەردو کۆنەکانیان دەنێمەوە .

ئێمە هەرسێکمانین بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێین و منداڵێکی پاکەت فرۆش پاشەو پاش و ڕوو لە ئێمە بەر مان کەوتووەو  بە من پێدەکەنێ ، ددانە ووردەکانی دەبینم کە تازە توێژێکی زەردی جگەرەیان لە خۆیان گرتووە ، هاوڕێ شاعیرەکەم دەیەوێت منداڵەکە دوور بخاتەوەو منیش هەستی پێ نەکەم .

–لە دنیادا لەوە دەترسا منداڵ دوایبکەون و بەردی تێبگرن بە منی دەووت ئەگەر شێت بووم لە ژوورەوە بم بەستنەوە ئاخر بەو ڕەشیە نیە من پێستم زۆر ناسکە یەك بەردم تێبگرن هەموو گیانم دەتەقێ .

دایکم دەڵێت :

–حاڵ خراپ خۆم ، بە ساقەو بم ئێستاکانێ شعوورو شتی نەماوە .

لەبەردەم دەرگایەکی بچووکدا کە پێپلیکانەیەك لەو دیویەوە دەست پێدەکات و مەگەر خوا بزانێ لە کوێدا کۆتایی دێت دەمووەستێنن . دایکم دوودڵە هاوڕێکەم لە گیرفانیا پارچە کاغەزێکی بچووك لە شێوە تکتێکدا دەردەهێنێ و دایکم دڵنیا دەکاتەوە کە خۆی وەرەقەی بۆ بڕیوم .

بە تەنیا سەرناکەوم ... لەبەر ئەوە نا هێزی سەرکەوتنم تیا نیە لەبەر ئەوەی لە تاریکایی سەر پێپلیکانەکە تۆقیوم کە وەك ڕەشایی نیوەشەوێکی زستان خۆی درێژ کردۆتەوە بەسەر پلەکاندا . بە یارمەتی هەردووکیان پلە بەپلە  سەر دەکەوم ، من هەمیشە لە چیرۆکا بە پلیکانەدا سەر دەکەوم قەت خۆمم نەبینیوە دابەزم ، ڕەنگە هی ئەوە بێت ڕووداوەکە لە سەرێ کۆتایی دێت و پێویست ناکات من زەحمەتی هاتنە خوارەوە بکێشم .

لەسەر کورسی فەرمانبەرەکان دادەنیشم و چاوم لێیە هێشتا فایلی ئەمڕۆ هەڵنەگیراوە ، کەچی گەر لە دوورەوە سەیری بکەیت سەر تویێژێك تەپ و تۆزی گرتووە ، هەموو شتێك لەو مردووخانەیەدا وا بوو قەدەرێکی کەم پاش هاتنە ئەوێی تۆز دەیگرت ، تۆزێکی زەرد کە من ئێستاش ناوی دەنێم تۆزی مردن ... من ئەو شەوە کە لەوێ هاتمەوە دەتگووت لە چاخێکی زۆر کۆنەوە ڕێم هەڵە کردووەو بە لاڕێیەکدا ڕێم کەوتۆتە ئەم سەردەمە . فایلەکەم کردەوە تەنیا فۆڕم و وێنەی کچێکی تێدا بوو خەتێکی گەورەی ناخۆش بەڵام ڕوون لەسەر نوسیبوو ( هانا هاشم کەمال ، خوێندکاری قۆناغی یەکی کۆلیژی پزیشکی ، لە گەڕانەوەیدا لە ڕێگای بەغداد بە کارەساتی ئۆتۆمبیل گیان لە دەست دەدات) لە خوارەوەی فۆرمەکەدا وەکو پەراوێزێك بە جافێکی سوور نوسرابوو (تێبینی :ئەمە تەنها مردووە کە تۆماری دەکەین لە پاش دە سەعات لە مردنی هێشتا هەڵمی لێهەڵدەستێت) لە خوارتر ناوی فەرمانبەرەکەو ئیمزایەکی ئاڵۆزی خۆی کە دەتگووت هێڵکاری مردنە جێهێڵرابوو .

ماخۆلانم پێکەوت ئەوە من نەبووم تا هاتنەوەی باوکم بە بێ دەنگی دانیشم ، ئاخر بێدەنگی لەو بینایەدا زۆرتر ڕەنگی مەرگی دەڕشت ... هەستام بەرەو هۆڵی تەرمەکان ڕۆیشتم دەزانم شەوەو سەیرکردنی مردووش بۆ کەسێکی زارەترەك وتۆقیوی وەکو من ئەنجامێکی باشی نابێت  بەڵام سەرەڕۆیەکەم پاڵم پێوە دەنێت بچم (هانا)ببینم ، درگا ئاسنینەکەی هۆڵەکە دەترازێنم و دڵم هێندە پەلە پەل لێدەدات بە ئاسانی گوێم لە دەنگێتی ،تەمێکی سپی قوورس شاڵاو بۆ دەم و لووتم دەهێنێت ، تا ئەو کاتە نەمزانیبوو بۆنی مردن کە سکونترین بۆنی ئەم گەردوونەیە .

بۆنی شێ و تەڕی دەکەیت زۆرتر دەچیتە تاریکی و ئەگەر گوێت لە دەنگی دایکت نەبایە کە بسم للەی دەکرد ئەوە دەتگووت کە ئەوانت لەگەڵ نەماوە ، دوا پلەی پلیکانەکە دەبڕیت یان ڕاستر وایە بڵێم دەتبرێ و خۆت لە هۆڵێکی ساردی تەسکدا دەبینیەوە .

چەند نەخۆشێکی لە ڕوولاواز لە سەر کورسیە چڵکنەکانی بە بێدەنگی دانیشتوون تەنها یەکێکیان نەبێت بە هەردوو قاچیەوە چۆتە سەر کورسیەك و بە ئاوازێکی خۆشی فارسی قورئان دەخوێنێت . ئاگایم ئەوەندەم کۆمەك پێ دەکات کە هەستی پێ دەکەم جارجار لە نێوان ئاتێك و ئایەتێکی تردا شیعرێکی خیام ئەوەندە وەستایانە دادەنێت کە کەم کەس دەزانن ئەو قورئان نیە . دەمەوێت بۆی ڕاستبکەمەوە ووتەکان تا سەر زمانم دێن ، بەڵام وەکو شتێك زمانم بە سترابێ  ناتوانم بیانڵێم .

دەرگاکەم کردۆتەوە گوێم لە دەنگی ڕیکۆدەری پاسەوانی کۆگای دەرمانەکەی ئەوبەرە کە لە ترسی تەنیایی گوێی لە بێکەڵکترین گۆرانی بێژی میللی شار گرتووە . وەکو ئەوەی بۆ ژوری نوستنی کەسێك بچم بە ئەسپایی و ڕێزەوە دەرگاکە دائەخەمەوە و هەنگاو هەڵدەهێنم بە بەردەم مردووی یەکەمدا ڕەت دەبم و ناوێرم سەیری بکەم ، دەبێ ئەوە بڵێم ئەوەندە بەدبەختبووم (هانا) دواهەمین تەرم بوو لەو ڕیز بەندیەی بە پێی حەرفی ئەبجەدی دایان نابوو واتا دەبوو هەموو مردووکان تێپەڕێنم ئینجا دەگەیشتمە ئاستی ئەو سەرچەفە سپی یەی ئەو لە ژێریدا بێ باك ڕاکشابوو .

–چـــــيـــــــت دەویٚ ؟ ....

دەنگێکی قرخن وەك لە دۆڵێکی دوورەوە بانگم بکات ڕایچڵەکاندم بینیم یەکەمین تەرمە ، کەلە کۆنیا ئەوەندە زەرد ببوو دەتگوون خوێندکارێکی ناشی پەیکەرسازی لە قوڕی دەستکرد بۆ مامۆستای دروستکردووە .... لە شوێنی خۆی راستبۆوە ڕوو لە من چاوڕێی وەڵام بوم هیچم بۆ نەوترا هیچی چی ؟ تۆش بیت هیچت بۆ دەوترێت ؟

دەست دەکەیت بە گریان ناتوانیت ، نەفرمێسکێکت بۆ دەڕژێ و نە نوزەیەکیشت لێوە دێ ، ئەزانم چاوم پڕبووە لە ئاو بە شێوەیەك بە ئەستەم لە لێڵیەکەدا ئەو فەڕاشە ڕدێن سپییەم بۆ دەبینرێ کەوەکو دەرگاوانی بەهەشت بێت هەمویان بە تکتەکانی ناو دەستیانەوە چاوەڕوانی ئاماژەیەکی ئەون بە منیشەوە کە تاو ئەو کاتە لە نێوان دایکم و سکرتێرەکەدا کە قەیرە کچێکی غەمگینە دانیشتوم و چاوم زەق زەق بۆ بەرامبەر دەڕوانێ وهیچێکی لێ نییە خۆمی پێوە بخلافێنم . من نازانم بەس دایکم ئەڵێ شوکور لە هەموویان باشترم ، قەیرە کچەکە نا ئومێدانە سەیری دایکم دەکات و دەپرسێ :

–باجی ، ئەم کوڕەی تۆ لە چییەوە وای لێهات ؟

ناهێڵێت دایکم دەم هەڵبێبێتەوە درێژەی دەداتێ :

–بیر کردنەوە وای لێنەکردبێ باشە ، ئێمە هەرچی نەخۆشمان هەیە بیرکردنەوە سەری لێشێواندووە .

هەنکە هەنك و قرخە قرخی سنگی هاوڕێکەم لەو گفتوگۆ بێتامەم دەچڕێ و دەڕوانم ئەوکوڕە شاعیرە دەستی گرتووە بەو ناوچەوانە زلەیەوەو فرمێسك وەکو شەستە بارانی پایز لە چاویەوە دێتە خوارێ . خەریکە دڵم تەنگ ئەبێتەوە دایکم قۆڵم دەگرێ و بە دەم ئایەتەل کورسیەوە دەمداتە دەست فەڕاشە پیرەکە و ئەو بە سۆزێکی باوکانەوە دەست دەخاتە سەر شانم و دەربازی ئەو دیو دەرگاکەم دەکات .

من لە ژیانا لە شەڕی زیندووەکان هەڵدەهاتم ئێستا ڕیشم بووە بە شەڕی مردووەکانەوە ، زۆرم لە خۆم کرد قسە بکەم هیچم نەوتبوو کە مردووەکەی تەنیشت ئەویش لەسەر بەستە کاشی بەندە سپییەکە هەستایەوەو هەمان پرسیاری کردەوە لە ساتێکی کورتدا کە خۆم و کەسیش نازانێ چەندی خایاند (هانا) نەبێٙت هەموو مردووەکان هەستابووەنەوەو لەسەر ئەو زەویە ساردەیی هۆڵە شێدارەکە ڕوو بەڕووی من دەستی یەکیان گرتبوو تا بواری دەربازبوونم بۆ نەهێڵنەوە . بە ئیقاعێکی سەربازی هەموویان بەیەکەوە قاچیان دەجولاند ڕاست چەپ ڕاست چەپ .. تا ئەو دەمەش نەمزانیبوو لە مردندا ڕژێمێك هەیە چاودێری هەڵسوکەوت و ڕێڕۆیشتنی مردووەکان دەکات ، ئەوە تەنها سات بوو من لە ژیانمدا ڕقم لە مردن بووبێتەوە چونکە ناچار بە سیستمێکی دەکردم کە من بە هەموو تەمەنم لێی ڕام دەکرد .

–دکتۆر ناهێڵێت کەس لەگەڵ نەخۆشەکانیا بچێتە ژوورەوە .

کچێکی سپیکەلەی ناسك بە چاویلکەیەکی چێوە زیوەوە لە پشت مێزێکی ساجی تۆخ دانیشتوەو مۆتالای کتێبێکی ئینگلیزی گەورە دەکات ، لەبەرم هەستاوەو فەرمووی دانیشتنم لێ دەکات تا ئەو کاتە من چاوەکانم پڕ بە هەردووکالانەکە کراونەتەوە دەڵێی دەمەوێت هەرچی شتی ئەو ژوورەیە بە چاو قوتی بدەم .

مردووەکان بە سەرو قۆڵی قرتاوو ناوسکی هەڵدڕاوەوە بە خوێنێکەوە کە قەتماغەی گرتووەو مەیوە بەرەو ڕووی من دێن و تا دێت منیش پاشەو پاش لە تەرمەکەی (هانا) نزیك ئەبمەوە ، وەك هەمیشە پەرجویەك ڕوودەدات چیرۆکنووس دروستی نەکردبایە من لەو هۆڵەدا لە ترسا بە تەنیا گیانم دەر دەچوو . چاو دەنوقێنم چاو دەکەمەوە وەکو ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت هەموو مردووەکان لەجێگا ڕەقەکانی خۆیاندا ڕاکشاون و سەرچەفەکان توانای داپۆشینی هەموو جەستەیانی نیە ، نیوە ڕووت و نیوە پۆشتە بێ دەنگ و سامناك لە جێگای خۆیان نووستوون ... درەنگ تێدەگەم ئەوانە هەمووی خەیاڵاتی فراوانی من درووستی کردبوو ئەگینا لەوەتەی دونیا دونیایە مردوو لە شوێنی خۆی نەجولاوە .

جارێگی تر ئەو کچە سپیکەلەیە کورسیەکەم بۆ دەجولێنێ و ئاماژە دەکات لە سەر دانیشم ، منیش وەکو گیاندارێکی سرکی کێوی هەر دەڕوانم دەڵێی من جارێکی تر و لە زەمەنێکی تر دا ڕێم کەوتۆتە ئەم ژوورە ! بە چواردەوری خۆمدا هەڵدەڕوانم لە پڕدا قاقا دەتەقمەوە پێدەکەنم ئەوەندە پێدەکەنم چاوم لێیە ئەویش لە سەیرکردنی منەوە بە بێ هۆ کەوتۆتە پێکەنین ... دەخەنین ئەوەندە دەخەنین تا چاوی هەردوکمان پڕدەبێت لە ئاو . بیرم دەکەوێتەوە لە کتێبە سایکۆلۆژیەکاندا بەرچاوم کەوتوە چۆن چارەسەرسازی دەروونی لە ڕێی خۆ بە هاوڕێکردنی نەخۆشەکەیەوە کارەکانی خۆی مەیسەر دەکات ، پێم ووت :

—فەرموو دانیشە ... ببوورە ژورەکەم کەمێك تەنگە ، بۆ شازادەیەکی ناسکی وەکو ئێوە دڵنیام هەر هیچ نیە .

زانیم هەڵەیەکم کردووە نەدەبوایە بڵێم تەنگە ئاخر ئەو نەخۆشانەی تووشی دڵتەنگی دەبن دەبێت بیان پارێزی لە بەر کەوتنی ووشەی تەنگ ، تەسك ، توند ، قەپات......

هەڵەکەم ڕاست کردەوەو ووتم :

—کەرەمکەن و گەورەمان کەن هەرچەندە دڵنیام ژوورەکەم بۆ شانوشکۆی ئێوە زۆر دڵگیرنیە ... دەی بڵێم چی وا ڕێك کەووت . تازە لەدەرەوە هاتومەتەوە خۆشت دەزانی کەس لێرە لە ڕێکخستنی ژووردا کار بە دیزاینیەر ناکات ، بۆیە مەزاجە خراپەکەی من هەر ئەوەندەی تیابووە .

گەیشتوومەتە ئاستی تەرمەکەی (هانا) دەست دەبەم سەرچەفە سپیەکەی لەسەر ڕامالْم ، وەکو لە ڕاپۆرتی نێو فۆڕمەکەدا نوسرابوو ئاوا بو هێشتا هەڵمی لێ هەڵدەستا ، هەڵمێکی تەنکی فێنکی بۆن خۆش کە تژی بوو لە بۆنی جەستەی خۆی ، سەرم شۆڕکردەوە بە سەریا چاوم قەتیس کرد ڕاستەوڕاست ئەو شتەی لە فیلمە ترسناکەکاندا ڕوو دەدات ڕوویدا بە خێرای چاوی کردەوەو بە ئەسپایی ووتی :

—یارمـــــەتیـــــم بـــــدە ....!

تا ئەو کاتەش لە منی نەدەڕوانی دەتگووت بەو تارماییە دەڵێت کە لە هەڵمی جەستەی خۆیەوە دروست بووەو ئێستا ئەویش لە بنمیچی هۆڵکەدا گیری خواردووە نەترسام ئەوە یەکەمین جارمبوو لە ژیانمدا نەترسم ... ئاخر من بەر لە تۆزێك هەموو تخوبەکانی تۆقینم بڕی بوو تازە ترس لە فەرهەنگی مندا مانایەکی نەدەدا ووتم :

—دەتوانم چیت بۆ بکەم ؟ ..

بەرامبەرم وەستابوو هێشتا ئاسەواری پێکەنینەکەی لەڕوودا مابوو بە مەکرەوە کەمێك ناوچەوانی گرژ کردوو ووتی :

—دەستان خۆش هەروا دەبێ .. بەڵام لە هەڵبژاردنی ڕەنگی بۆیاخەکەدا کە کاکاویەکی تێرەوا دەردەکەوت دەروونی جەنابتان کەمتر لە هی ئێمە ئاڵۆز ئەبێت ! .... ڕاڕایی و دوو دڵی و بڕوا بە خۆ کردنی تیا دەخوێنمەوە نازانم لەوانەشە وا نەبێت ! .

ئەو دەیویست بگەڕێتەوە بۆ بەغداد بەردەوام دەیگووت محازەرەم هەیە یارمەتیم بە بانەکەوم ئەوەی لە دەستم هات کردم لەو هۆڵە شێدارە سامناکە دەربازم کرد و لە ژووری فەرمانبەرەکاندا بەیەکەوە دانیشتین . چاکەتە تەپ و تۆزاویەکەی خۆمم دابوویەوە ئاگام لێبوو هێشتا هەر هەڵدەلەرزی ... زۆر کەم دەدوا منیش هیچێکی وام نەبوو لەگەڵێ باسبکەم ، لە ژیانیشمدا سەخترین گفتوگۆم لەگەڵ ئەو کەسانەدا بووکە پێشتر هیچ یادگارییەکەم لە گەڵیاندا نیە ، بەڵام وام مەزەندە دەکرد لە شوێنێکی دوور و لە ڕۆژێکی دووری تردا ئەم دانیشتنەی من و هانا دەبێتە یادگاریەك کە دەرگای قسەکردنێکی زۆرمان لەبارەی یەکەوە بۆ دەکاتەوە .

وەکو پەردەیەکی شانۆیمان نمایشکردبێت بۆ ساتێك هەردووکمان بێدەنگ بووین دیار بوو شوێن گۆڕکێمان بەجێگاکانی خۆمان کردبوو,وابزانم لەگەڵ پێزانینەکەی مندا ئەویش هەستی بەومنداڵکارییەی خۆیکرد,بۆیە کەوتە خۆی و وتی:

—وابزانم ئێوە میوانبوون ... فەرموون بزانم چیتانە.

دەیزانی کە لەو ماوەکورتەی پێشوودا زۆر شتی درکاندووە کەنەدەبا بیدرکاندبایە , ئادابی پرسیار کردنەکەی گۆڕابوو تازە بۆ ئەو درەنگ بوو بتوانێت وەکو دکتۆرەیەکی دەروونی لەگەڵ مندا بئاخفێت .ئەو دەیویست هەرچی زووترە لەکۆڵ خۆیم بکاتەوە ,لەو بیرکردنەوانەدا بووم کەچاوم چووە سەر ئەو پارچە ساجە ڕەشەی بەشێوەیەکی ئەندازیاریانە ناوی خۆی لەسەر هەڵکەندرابوو (د.هناء هیشام کامیل)، ڕاچڵکیم زارم داچڕی و چاوم زەق زەق خۆم دەمزانی هەناسەم تیانەماوە ,زۆر جار مرۆڤ هەستدەکات کەمردوەو تەوابووە کەچی کەدواتر وا دەرناچێت ئەوەندە پێی تەنگ دەبێت کەجیاوازییەکی وای نییە لەگەڵ دڵتەنگبوون بەمردن، من هەرزووش بەر لەم نەخۆشییە وابووم ووتومە شەڕ لەگەڵ مردن بەوە ناکرێت کەئەو وەکو کاسپێر سەد تیری ئێمە بەناویا تێپەڕێت و هیچی لێنەکات ،بەڵام تەنیا تیرێکی ئەو ئێمە لە شوێنی خۆی لاریکاتەوە.

بەڕێم کرد ، تەکسییەکم لەو شەقامە چۆڵەی پێش فەرمانگەکە پەیدا کردوو دەستەو دامەنی شۆفێرەکە بووم کەئەم خوشکەم بۆ بگەیەنێتەوە ماڵەوە ،کوڕێکی گەنجی پڕلە ژیان بوو بەچاویا مرۆڤێکی ئارام و لە پیاو خراپ نەدەچوو .

من ئەو شۆفێرەش بەتاوانبارێکی تر دەزانم ئەگەر ئەو (هانا)ی نەگەیاندایەوە ماڵەوە ئێستا دوای ئەو هەموو ساڵە من توشی ئەم کارەساتە نەدەبووم .کەگەڕامەوە مردووخانەکە باوکم هاتبووەوە تووڕە دیار بوو پێمی ووت:

–باوکەکەم نەدەبوایە ئێرەو بە جێبهێشتایە...

من بەو دەمەوەرییەی خۆم وەڵامێکی حازر بەدەستم دایەوە:

–باوکە ئێرە مردووی لێیە قابیلە خەڵک چی لەمردوو دەکات ؟!

ئەفسەری لێکۆڵینەوەکەش هەروای وتبوو وتبووی قابیلە خەڵك مردووی بۆچی یە؟، بەڵام بەوەدا کەکچێکی جحێڵ و ناسك بوو هەموویان غایلەی خراپیان دەبردە سەر باوکم کەوەکو تاکە پاسەوانی ئەو شەوەی مردووخانەکە مابوەوە....من هیچم نەدرکاند ووتم ئاگام لەهیچ نییە .باوکمیان بەتاوانی کەمتەرخەمی بەرامبەر ئەرکەکەیی وفڕاندنی تەرمی کچێك بۆ شوێنێکی نادیار بەچەند ساڵێك حوکم دا ،من بە ئێستاشەوە ئەمەم لای کەس باس نەکردووە.

نەمدەویست هیچیشی بۆ باسبکەم ئەگەر دکتۆرە هناء زۆری لێنەکردمایە ،لەسەر کورسییە چەرمەکە هەستام ووتم:

– خانم حەزم نەدەکرد لێرە بمبینیتەوە ......من ئەو کوڕێژکەیەم کە ساڵی 1989 ئێوەم لەمەیتخانەی سلێمانی ڕزگارکردو بەو هۆیەشەوە باوکم چەند ساڵ زیندانی و من تەمەنێك ئیشی قورسم بۆ خۆم بڕییەوە ... لەو هەموو زەمانگۆڕینەدا باوکم ئامادە نەبوو لەزیندان بێتە دەرەوە ئەو ڕۆژانەی ڕاپەڕین ڕویاندا یان زیندانەکان دەشکێنران باوکم دەهاتەوە ماڵەوەو دواتر دوا گەڕنەوەی حوکومەتێکی نوێ باوکم دەچووە بەردەم زیندانەکەو داوای دەکرد زیندانی بکەنەوە ... جەنابی دکتۆرە باوکی ئێمە ئەوەندە بیری لەدیار نەمانی تەرمی ئێوە کردبووەوە کە لە دواجاردا خۆشی ئەو بڕوایەی لادروست ببوو کەهەر خۆی تەرمەکە جوڵاندوەو بردێتی بۆشوێنێك کە ئێستا بیری نەماوە .....دکتۆرە گیان باوکم هەتا مرد هەستی بەمۆتەکەی ئەو گوناهە گەورەیە دەکرد لەسەر سنگی ....ئێستاش دوای ئەو هەموو ساڵە خۆشحاڵم کە ساخ و سەلامەت لەم شارەدا دەتبینم خزمەت دەکەیت.

من قسەم دەکردو دکتۆرە هناء دەگریا ،بەدەم هەنسك هەڵدانەوە دەیگووت:

–چاك لەبیرمە ئەو مەیتخانەیەی فەرمانبەرەکان ناوی منیان بە هەڵە لەسەر فۆرمەکە نوسیبوو، بەدرێژایی شانزە ساڵە من بیر لە تۆ دەکەمەوە من دنیا بەشوێن تۆدا گەڕام ،ئەرز نەما پێی تێنەخەم وڵات نەما سۆراخی تۆی تیا نەکەم ....تۆ ئەم هەموو ساڵە لەکوێبوویت ؟؟.

منیش هەناسەی قوڵم دەدایەوەو دەمگووت:

– دکتۆرە گیان ،کچە کاڵەکەی من هەر لەم شارەدا بووم ...لەم شارە لە ڕۆخی فەرامۆشیدا .

ئەو دەستی پێکردەوە ئەمجارەیان هێندە شاعیرانە دەدوا کەمن دوودڵبووم لەوەی لەبەردەم دکتۆرەیەکی دەرونیی

دام یان لە پێش ئەو کچە شاعیرەیەی کەلایەکی نوسەرو سیاسیەکانی وولّات بۆی حەیران ببوون ! .نەمویست گوێم لەوهەموو سۆزە ڕژاو و پەرتە بێت کە ئەو بە چواردەوری خۆیدا توری دەدا، من هەمیشە وابووم لەخوپێوەگرتن و پیاهەڵدانی کچان هاڵهاتووم .ئیستاش دەرگاکەم کردۆتەوەو دایکم و هاوری شاعیرەکەم بە پرتاو هاتوونەتەژورێ .من وامزانی لەوێ ڕۆیشتوم هەڵبەتە دکتۆرە هناء یش هەروا تێگەیشتبوو من چوومەتە دەرەوە .هەربەچاوی تەڕو بەدەم هەنسك هەڵدانەوە ڕۆوی کردە دایکم و ووتی:

–بۆ زوو نەتانهێناوە ... لێی پیسکردووە ... بڕۆن بیخەوێنن کارەبای لێبەم .

دەرگاکەم کردەوەو لە ڕووی ستایشەوە دەستی چەپم بەرز دەکەمەوەو و وابزانم دەڵێم:

–سوپاس ... خانم گیان.

*(مردوەوان) ووشەیەکە خۆم دامتاشیوە نزیکیەکی زۆری هەیە لەوشەی (زێوان)ەوە کەبەمانای پاسەوانی گۆڕستان دێت ،بەڵام ئەو وشەیەی من بە مانای پاسەوانی تەرم دێت.